ئافات و تاوانەکانی زمان

قسە کردن لەسەر دین بەبێ زانست

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرمووێت:

﴿ لَا يَسْتَقِيمُ إِيمَانُ عَبْدٍ حَتَّى يَسْتَقِيمَ قَلْبُهُ وَلَا يَسْتَقِيمُ قَلْبُهُ حَتَّى يَسْتَقِيمَ لِسَانُهُ﴾. رواه أحمد وصححه الألباني سلسلة صحيحة ٢٨٤١.

واتە: ﴿ ئیمانی مرۆڤ دانامەزرێت تاوەکو لە دڵی دانەمەزرێت، وە دڵیشی دانامەزرێت تاوەکو زمانی پارێزراو نەبێت﴾.



دێرین

ئامادەکردنی
جمیل محمد

پێداچونەوەی
م.هەڵگورد مصطفی گەڵاڵەیی

٠٧٥٠٤١٢٨٢٢٠

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد ﷺ وآله وصحبه أجمعين.

موسڵمانی خۆشەویست یەکێکی تر لە ئافاتەکانی زمان بریتیە لە قسە کردن لەسەر دینی خوای گەورەو فەتوا دان بەبێ علم، کە تاوانێکی زۆر گەورەیەو لەسەروی هەموو تاوانەکانە، لەگەڵ ئەوەش دەبینرێت زۆرێك لە موسڵمانان خۆیان لەم کارە نا پرێزن و قسە دەکەن لەسەر دینی خوا بەبێ ئەوەی زانیاریان هەبێت.

بەڵگە لەسەر حەڕامیەتی قسە کردن لەسەر دین بەبێ زانست

١- خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَٱلْإِثْمَ وَٱلْبَغْيَ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَأَن تُشْرِكُوا۟ بِٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ سُلْطَـٰنًا وَأَن تَقُولُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴾ الأعراف: ٣٣ . واتە: (پێیان بڵێ ئەی محمد ﷺ پەروەردگارم حەڕامی کردوە زینا و فاحیشەو بەدڕەوشتی ئەوەی کەوا دیار بێت یان شاراوەبێت، وە تاوان و سەر پێچی کردن بەناحەق وە هاوبەش بڕیاردان بۆ خوای گەورە کە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە (مرۆڤ هاوبەش بۆ خوا ئەنجام بدات) وە حەڕامی کردوە قسە کردن لەسەر خوای گەورەو دینەکەی بەبێ ئەوەی بزانن و زانیاریتان هەبێت). بۆیە زانایان دەفەرموون بەگوێرەی ئەم ئایەتە پیرۆزە قسە کردن لەسەر دین بەبێ علم و زانیاری لە شەریك وهاوبەش دانان گەورە ترە چونکە خوای گەورە لەدوای هەموو تاوانەکان باسی قسە کردنی کرد لەسەر دین بەبێ علم بەڵام بەداخەوە موسڵمانی وا هەیە قسە لەسەر دین ئەکات و فەتوا ئەدات کەچی لێی بپرسی نوێژ بەچی بەتاڵ ئەبێتەوە نای زانێت.

٢- خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَلَا تَقُولُوا۟ لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ ٱلْكَذِبَ هَـٰذَا حَلَـٰلٌ وَهَـٰذَا حَرَامٌ لِّتَفْتَرُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ ﴾ النحل: ١١٦.

واتە: (واتە قسەمەکەن لەخۆتانەوەو بەبێ علم بەدرۆوە بڵێن ئەمە حەڵاڵە یان ئەمە

حەڕامە بەناوی خوای گەورە شت بڵێن و هەڵی بەستن، بۆیە ئەوانەی درۆ بەناوی خواوە دەکەن بەبیٚ علم قسە دەکەن سەرفراز نابن).

٣- خوای گەورە دەفەرموویٚت: ﴿ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا لِّيُضِلَّ ٱلنَّاسَ بِغَيْرِ عِلْمٍ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٤٤﴾ ﴾ الأنعام: ١٤٤.

واتە: (کیٚ لەو کەسە زاڵمترە کە درۆ بەدەم خواوە دەکات بۆ ئەوەی خەڵکی گومڕا بکات بەبیٚ علم و زانیاری وە خوای گەورەش هیدایەتی کەسی زاڵم نادات).

٤- خوای گەورە دەفەرموویٚت: ﴿ إِنَّمَا يَفْتَرِى ٱلْكَذِبَ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰذِبُونَ ﴿١٠٥﴾ ﴾ النحل: ١٠٥. واتە: (تەنها ئەوانەن درۆ دەکەن کە باوەڕ بە ئایەتەکانی خوا ناهێنن، بۆیە ئەوانە بەڕاستی درۆزنن).

٥- پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (مَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ)[١].

واتە: (هەر کەسێك درۆیەك بەناوی من بکات ئەوا با جێگای خۆی لە ئاگر بکاتەوە).

٦- پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (مَنْ يَقُلْ عَلَيَّ مَا لَمْ أَقُلْ فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ). صحيح البخاري ١٠٩. واتە: (هەرکەسێك شتێك بڵێت بەناوی منەوە منیش ئەم شتەم نەوتبێت ئەوا با جێگای خۆی لە ئاگری دۆزەخ بکاتەوە).

٧- پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (كَفَى بِالْمَرْءِ كَذِبًا أَنْ يُحَدِّثَ بِكُلِّ مَا سَمِعَ) مسلم ٧.

واتە: (بەسە درۆکردن بۆ مرۆڤ بەوەی هەرچی گوێی لیٚ بوو ئەویش بیڵێتەوە).

٨- پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (إِنَّ كَذِبًا عَلَيَّ لَيْسَ كَكَذِبٍ عَلَى أَحَدٍ فَمَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ). صحيح البخاري ١٢٩١صحيح مسلم ٥.

---

(١) صحيح البخاري ١٠٧صحيح مسلم ٤.

زیانەکانی قسە کردن لەسەر دین بەبێ زنست

موسڵمانی خۆشەویست دوای ئەم ئایەت و فەرموودانە بۆمان دەردەکەوێت کەوا قسە کردن لەسەر دین بەبێ زانست چەندان زیانی هەیە لەو زیانانەش:

١- قسە کردن لەسەر دین بەبێ علم لە هەموو تاوانەکان و لە هاوبەش دانان گەورە ترە.

٢- ئەو کەسەی قسە لەسەر دین دەکات بەبێ علم شەریعەتێك بۆ خەڵکی دادەنێت و شت بۆ خەڵکی حەڵاڵ و حەڕام دەکات کە خوای گەورە پێی ڕازی نیە .

٣- ئەو کەسەی قسە لەسەر دین ئەکات بەبێ علم کەسێکی زاڵم و گومڕایە .

٤- قسە کردن لەسەر دین سەر دەکێشێت بۆ بێ باوەڕی .

٥- ئەو کەسەی قسە لەسەر دین ئەکات بەبێ علم کەسێکی درۆزنە .

٦- ئەو کەسەی قسە دەکات لەسەر دین جێگای ئاگری دۆزەخە .

٧- ئەو کەسەی قسە دەکات لەسەر دین ئەوا درۆی بەدەم پێغەمبەری خواوە ﷺ کردوە .

٨- قسە کردن لەسەر دین بەبێ علم و زانیاری و بەڵگە گۆڕینی ئاینی ئیسلامە .

٩- ئەو کەسەی قسە دەکات و فەتوا ئەدات بەبێ زانیاری و بەڵگەی شەرعی کەسێکی خەڵکی بانگەوزا ئەکات بۆ شەڕ و تورە بوونی خوای گەورە .

١٠- قسە کردن لەسەر دین چەندان کێشەو ئاژاوەو ناکۆکی نێو کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە ، وەکو تەڵاق و ژن مارە بڕین و چۆنیەتی دابەش کردنی میرات ....هتد .

لە کۆتایدا موسڵمانی خۆشەویست: بزانە قسە کردن لەسەر دین بەبێ زانیاری تاوانێکی گەورەو ترسناکە و خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ پێی ڕازی نین و هەڕەشەیەکی توندیان لەم جۆرە کەسانە کردوە، چونکە ئەگەر کەسێك لە شتی دوونیا قسە بکات بۆ نمونە کەسێك دەربارەی نەخۆشی و چارەسەری خەڵکی قسە بکات کەچی دکتۆریش نەبێت ئەوا لێ قەبوڵ ناکرێت ئەی چۆن بەناوی پەروەردگاری ئاسمان و زەوی قسە بکات و لێی قەبوڵ بکرێت .

داواکارم لەخوای گەورە لەم تاوانە گەورە بمان پارێزێت و زانستی بەسوودمان پێ بدات .

وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم. ١٨/ شوال ١٤٣٧ سۆران ٢٠١٦/٧/٢٣

لە بڵاوکراوەکانی پەرتوکخانەی دێرین – سۆران - ٠٧٥٠٤١٢٨٢٢٠